## بروسكەی رێكخراوی ئازادیی ژنانی كوردستان – نینا
## بە بۆنەی كۆچی ناوادەی خاتوو مەرزییە فەریقی

مەرگی ناكا و بێ وادەی ژنە هونەرمەندی هەڵكەوتووی نەتەوەكەمان، دڵی هەموومانی داخورپاند.

مەرزییە ئەو كەسەی بە دەنگە بەسۆزەكەی و بە گۆرانییە رەسەنەكانی لە لووتكەی دەمی درەوشانەوەیدا بوو، رەشەبای مەرگ لە كۆڕی ئەویندارانی هونەر و موسیقای كوردی و یارانی خەباتكاریی رێی ئازادیی كوردستانی رفاند و داخ و كەسەری بۆ بەجێهێشتین.

خۆشەویستی رۆڵەكانی نەتەوەی كورد، مەرزییە فەریقی، نەك هەر هونەرمەندێك، بەڵكوو تێكۆشەرێكی رزگاری كوردستان و بەختەوەریی ژنی كورد بوو. بۆیە جێی ئەو لە هەموو ئەو بوارانەدا دیارە.

بەم بۆنەوە، داخ و پەژارەی خۆمان دەردەبڕین و لەگەڵ رێبوارانی هونەر و موسیقای كوردی، تێكۆشەرانی ئازادی كوردستان و خەباتگێڕانی بەختەوەری و بنەماڵەكانی فەریقی و رەزازی بە تایبەت هونەرمەند كاك ناسر رەزازی، جگەر گۆشەكانیان دڵنیا، ماردین و كاردۆ و هونەرمەندی دەنگخۆش خاتوو لەیلا فەریقی هاودەردی دەدەبڕین.

رێكخراوی ئازادیی ژنانی كوردستان – نینا

26-09-2005